کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

22-11-2007 21:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**سۆزی‌شارێک ... بەکرحەبیب**

شاری‌ئازیز
کە ڕۆیشتم چرای خانووەکانت کزبوون..
زمان لە دووتوێی زارەکان لە ووتەکانیان وەڕزبوون..
تەلیسمی ڕۆحەکانی ئێمە لە باوەشتا
وێنەی بەند بوون..
کە ڕۆیشتم پەنجەرەکانی ماڵەکان هەمووی
داخراو هەمووی
ڕەش بوون..
کۆتری سەر درەختەپیرەی بەر دەرگاکان
لە گمە کردنیان بێبەش بوون..
تەنانەت خەندەکانیشمان
پڕ لە غەش بوون..
کەچی لە دووای گەڕانەوەم
تروسکەی شەبەنگم بینی
هات بۆ پێشوازی و ماچکردن..
خەوی کۆنی مەحاڵم دی
کەوتبووە ژووان گرتن..
پیرەداری کۆڵانم دی
چرۆی سەوزی دەرکردبوو..
پەنجەرە و دیواری ماڵیش
سەرقاڵبوون بە سەماکردن....
حەزەکان زمان پاراو و
دەروێشەکانی (دڵداری) ش
سەرمەستی تەهلیلە کردن..
بەڵام لەوە بێگومانم
شاری ئازیز... دڵم... گیانم
تەنها یەکشت لە ڕۆحتدا نەگۆڕراوە..
ئەویش‌سۆزی دایکایەتی جارانتە
وەک خۆی ماوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.